ولاَتانەی تر هێشتا مەسەلەکە بەرەو چارەسەرکردن بە شێوەیەکی دیموکراتیانە نەرۆیشتووە .
لەم رووەوە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە رێکخراوی سۆسیال ئینترناسیۆنال لەمێژە هەڵوێستێکی دۆستانەی بەرامبەرمەسەلەی کورد هەیەو لە سالآنی رابردوو هەمیشە نارەزای خۆی دەربڕی بوو بەرامبەر بە پێشێل کردنی مافە دیموکراتیەکانی گەلی کوردو دژی رژێمە چەوسێنەرەکان وەستا بوەوە، دالَدەدانی بەشێکی زۆری پەنابەرانی کورد لە ئەوروپا زۆربەی جار دەستی سۆسیال ئینترناسیۆنالی تێدا بووە کە بەهۆی ئەو یاسایانەوە کەدەری کردبوون هەلومەرجێکی لەباری بۆ دالَدەدانی پەنابەرەکان پێک هێنابوو، جگە لەوە، یەکێ لە گرنگترن بڕیارەکانیش ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە راگرتنی داپلۆسینی کوردی عێراق کە بڕیاری ژمارە (688)ە بە هەوڵو کۆششی فەرەنسا دەرچووە کە لەو کاتەدا فرانسوا میترانی سەرۆکی پارتی سۆسیالیست رابەرایەتی دەکردو لەم روانگەیەوە بڕیاری (688) کە یەکەم دیکۆمێنتی نیودەوڵەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نیو دەولەتانە لە داپلۆسینيکوردی عێراق دەکا، زادەی هەوڵو کۆششی یەکێ لە ئەندامەکانی سۆسیال ئینتەرناسۆناڵە .
بوونی بەرێز مام جەلال بە جێگری سەرۆکی سۆسیال ئینترناسیۆنال لێی رادەبینرێ لە دوو لاوە کاریگەری هەبێ لەسەر رەهەندە سیاسیەکانی ئەم رێکخراوەک
یەکەم/ لەو لایەنەوە کە ئەم رێکخراوە دەتوانێ بۆ لەمەولا رۆڵێکی کارتر بۆ هاندانی لایەنەکان بۆ چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کوردو بگێرێتو کورد دەتوانێ بۆ زیاتر ناساندنی کێشەکەی سوودی لێ وەربگرێ .
دووەم/ لەو لایەنەوە کە بوونی یەکێتی نیشتمانيکوردستان بە ئەندامی کارا لە رێکخراوەکەداو بوونی مام جەلال بەجێگری سەرۆکی سۆسیال ئینترناسیۆنال دەتوانێ رۆڵی هەبێ لە فراوان کردنی جیهانبینی ئەو رێکخراوەو بەرین کردنی پانتایی یەکەی بە رادەیەک کە مۆرکی ئەوروپای بەقەد جاران زالَ نەبێ بە سەریداو زیاتر رۆڵێکی هەمەگیری جیهانی زالَ بێ بەسەرید.
لەم رووەوە دەشێ وەرگرتنی یەکێتیو بوونی مام جەلال بە جێگری سەرۆکی ریکخراوەکە وەرچەرخانێکی گرنگ بێ لە دیدو بۆ چونەکانی ئەم رێکخراوەدا بەرەو باشتر .

# جەنگی دەرامەت

**د. جەزا تۆفیق تالیب**

**پسپۆری جیۆپۆلەتیک و ئاسایشی نەتەوەیی**



لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەمەوە هاتنە کایەیی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە بە قۆناغی جەنگی سارد ناسراو بەپێی یاساکانی ئەم جەنگە هەموو جیهان دابەشبوون بەسەر دوو جەمسەری سەرەکیداو هەر لەم ساتە وەختەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ پلان دارێژراو زلهێزەکانی جیهان ئامانجێکی سەرەکیان لێبوە خولیاو لە پێناویشیدا چەندین پەیمانی ستراتیژیو سەربازییان مۆر کرد تا بگەنە ئەو ناوچەو هەرێمانەی کە خاوەنی دەرامەتی سروشتی پربایەخنو لەم پێناوەشدا چەندین جەنگو جۆری ململانێی سیاسیو جیۆپۆلەتیکی لە نیوان زلهێزەکاندا بەرچاوبوو کە بە (جەنگی سەرچاوەکان) ناسراوە .

وا دیارە جەنگی سەرچاوە سروشتیەکان بە شێوازێک دەرۆیشت بە رێوە زۆرجیاواز بوو لە جەنگە سەربازییەکانی دیکە، چونکە مەبەستی ئەم جەنگە لە بنچینەدا بریتی بوو لە کۆنترۆڵکردنو وەبەرهێنانو بەکارهێنانی ئەو دەرامەتە سروشتیانەی کە لە بواری سیاسیو پەیوەندی نێودەوڵەتیدا بایەخی ستراتیژیان هەیە، وەکو نەوتو غازی سروشتیو یۆرانیومو سەرچاوەکانی ئاوو...... هتد، بۆیە دەبینین بەریتانیای گەورە هەر لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانەوە هەموو قورساییو سەنگی خۆی خستە گەڕ بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەی کەنداوی فارسیو نیمچە دورگەی عەرەب، بەوپێیەی دەوڵەمەنترین ناوچەی جیهانە لە یەدەکی نەوتدا، دەرامەتی نەوتیش لە روانگەی جیۆپۆلەتیکەوە بە دەرامەتێکی ستریتژی دادەنرێت کەلە هەموو شوێنو هەرەمێکدا نیەو بزوێنەری رەورەوەی شارستانیو ئابوورییە لە جیهاندا تەمەنێکی دیاریکراویشی هەیە، بۆیە هەر هێزو لایەنێک دەستبگرێت بەسەر مەڵبەندەکانی یەدەکو بەرهەمی ئەم درامەتە سروشتیەدا دەتوانێت